## ڕۆژنامەی لۆس ئەنجلس تایمز

# ئازادی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان کۆسپی دێتە ڕێ

سۆلۆمۆن مۆر
و- لە ئینگلیزییەوە- عەزیز ڕەئووف

Los Angeles Times

**Free Press Stumbles in Kurdistan**

An Iraqi-born Kurd who wrote a series critical of a leading family is sentenced to 18 months in prison -- a reduction from 30 years.

By Solomon Moore, Times Staff Writer
March 27, 2006

SULAYMANIYA, Iraq — A court in Irbil sentenced a writer to 18 months in prison Sunday for an accusatory article about Kurdish leader Massoud Barzani, in a case that has raised doubts about the judiciary's independence here.

Kamal Karim Qadir, an Iraqi-born Kurd with Austrian citizenship, was arrested last fall and charged with threatening the national security of Kurdistan, a semiautonomous region of northern Iraq that is predominantly Kurdish. The charges came after he wrote a series of controversial articles in 2004 that were critical of the Barzanis, one of Kurdistan's most powerful families.

کوردێکی عیراقی لەبەر ئەوەی وتاری ڕەخنەیی لەسەر خێزانی سەرکردەیەك نوسیوە بۆ ماوەی 18 مانگ زیندانی دەکرێت.

ڕۆژی شەممە لە دادگای شاری هەولێر نوسەرێك بە 18 مانگ زیندانی حوکمدرا، ئەمەش لەبەر ئەوەی چەند نوسینێکی لەسەر سەرۆك بارزانی نوسیوە. کەمال سەید قادر کە نوسەرێکی کوردی لەدایکبووی کوردستانی عیراقە و ئێستا هاوڵاتی نەمسایە، پایزی ڕابردوو دەستگیرکرا و لە ئاسایشی کوردستان بەند کرا، ئەمەش تەنها لەبەر ئەوە بوو کە ناوبراو لە ساڵی 2004 چەند نوسینێکی لە ئینتەرنێتدا لەسەر بنەماڵەی بارزانی نوسیوە. بارزانی یەك لە بنەماڵە دەسەڵاتدارە گەورەکانی کوردستانە.

لە یەك لە نوسینەکانیدا کەمال سەید قادر بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە هاریکاریکردنی دەوڵەتی ئێران دژ بە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بڵاو کردۆتەوە. لە وتارێکیدا سەید قادر لەبارەی مەسرور بارزانی کوڕی مەسعود بارزانییەوە نوسیویەتی: مەسرور جاسوسی لەسەر مەسەلەی کورد دەکات لە ئەوروپا.

لە مانگی دیسەمبەردا دوای یەك کاتژمێر لە دادگایکردن کەمالی سەید قادر بە 30 ساڵ زیندانی حوکم درا. بەڵام ڕۆژی شەممەی ڕابردوو لە پایتەختی هەرێمی کوردستان ئەو سزایەی لە سی ساڵەوە کرا بە 18مانگ.

سەرچاوەیەك لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات پێی ڕاگەیاندین کە دادگایکردنەکەی دیسەمبەری ڕابردوو بە نهێنی بەڕێوەچوو بەسەرپەرشتی دەزگای هەواڵگری pdk کە خودی مەسعود بارزانی سەرۆکایەتی دەکات.

پارێزگاری هەولێر نەوزاد هادی مەولود وتی کە نوسینەکانی قادر بۆ هەرێمی کوردستان مایەی مەترسییە. پارێزگاری هەولێر زیاتر وتی" کەمال نوسیویەتی کە ئێمە کوردمان بە ئیسرائیل فرۆشتووە، کە ئەم جۆرە قسانەش بۆ ئێمە زۆر ترسناکە و مایەی قبوڵکردن نییە" نەوزاد زیاتر وتی" هاوسێکانمان، تورکیا و ئێران و عەرەبەکان کەس بەمە ڕازی نییە کە ئێمە پەیوەندیمان بە ئیسرائیلەوە هەبێت. ئەم جۆرە نوسینانە ئەوان بڕوای پێدەکەن. ئەم نوسینانە وا دەکات کە هاوسێکانمان دەست بخەنە نێو کاروبارمانەوە و تەنانەت هێرشی سەربازیشمان بخەنەسەر".

بەڵام نوسەر ئەو تۆمەتانە بەتەواوی ڕەت دەکاتەوە.

سەید قادر بۆ ئەو مەبەستە بۆ ڕۆیتەرز دواو وتی" سوێند دەخۆم بە خودا کە من تاوانبار نیم. من بەم دادگایکردنە

دڵخۆش نیم. بەڕاستی من ئیستا قوربانی و غەدر لێکراوم " لە دادگایکردنەکەدا سەیدقادر ئەوەی ڕاگەیاند کە هێزەکانی ئاسایش دەستگیریان کردوم نەك بە پێی دەدگا ئاگادارکرابێتمەوە.

کەمالی سەید قادر ئەوەشی ڕاگەیاند کە سێ ڕۆژ لە ژوورێکدا بەتەنیا بەندیانکردم کە نە تەوالێتی تێدابوو نە ئەو ماوەیە ئاو و خواردنیان پێدام و تەنانەت ژوورەکە تاریکیش بوو. کەمال ئەوەشی وت کە لە ڕۆژی سێیەمدا بەرپرسانی پارتی زۆریان لێکردم کە دانپیانانەکە ئیمزابکەم.

هادی عەلی وەزیری دادی هەرێمی کوردستان ڕەخنەی لەو دادگایکردنە گرت و پێی ڕاگەیاندین کە ئاسایشی پارتی و ئاژانسی هەواڵگری ئەو پارتە دەستیان لەو دادگایکردنەدا هەیە.

هادی عەلی ئەندامی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە کە لە هەڵبژاردنەکەی دیسەمبەری ساڵی پاردا بارەگاکانیان بەر لێدان و سوتاندن کەوت. هەفتەی ڕابردو هادی عەلی لە چاوپێکەوتنێکدا وتی کە دادگای قەزائی هەرێم ڕووبەڕووی کەموکوڕی دەبێەوە لەبەر ئەوەی یاسایەکی گونجاومان نییە کە گرەنتی ئازادی مەدەنی بکات.

هادی وتی" لەبەر ئەوەی لە نێوان هەردوو پارتەکەی هەرێمی کوردستان pdkوpuk کێشە هەیە، پەرلەمانی کوردستان ناتوانێت یاسایەکی سەربەخۆ دەربکات".

عەلی زیاتر وتی" ئێمە لەدەست یاساکانی سەدام حسێن ڕزگار بووین بەڵام ئیستا ئێمە لە کوردستان بە هەمان یاسا کار دەکەین کە 80 ساڵ لەمەوبەر دارێژراوە".

**سەرچاوە**/ Los Angeles Times

# دیاردەی سەنگەرگۆڕین لە گەرمیان لە زیادبووندایە

## 1804 کەس واز لە یەکێتی دەهێنن

## بەرپرسی کۆمیتەی دەربەندیخانی یەکێتی " هۆکاری وازهێنانی ئەو کەسانە بەرژەوەندی شەخسییە نەک گەندەڵی"

ڕاپۆرتی سەرحەد یوسف و تاهیرە ڕیشە - دەربەندیخان



لەماوە مانگی ڕابووردوودا «1804» کەس وازیان لەڕیزەکانی یەکێتی هێنا و چوونە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە.

دیاردەی سەنگەرگۆڕین یەکێکە لەدیارترین ئەو دیاردانەی ئەمڕۆ گەرمیانی گرتۆتەوە و دەربەندیخانیش چەقی ئەم دیاردەیەیە.

عەقید عەلی حسەین سەرۆکایەتی گەورەترین گروپ دەکات کە دەیانەوێت وازهێنانی خۆیان لە یەکێتی ڕابگەیەنن. ئەم گروپە کە ژمارەیان «1804» کەسە یاداشتێکیان ئامادەکردووە کە ئیمزای هەموویانی لەسەرە و تیایدا گواستنەوەی سەنگەری خۆیان بۆ ناو پارتی ڕادەگەیەنن.

عەلی حسێن ووتی " سی ساڵ خزمەتم لەناو یەکێتییدا سەدانجار لەلێواری مەرگ نزیکی کردوومەتەوە، ئێستاش پەشیمان نییم لەوخەباتەی کە کردوومە، بەڵام بەهۆی گەندەڵییەوە وازمهێناوە "

دڵشاد حسێن قادر لێپرسراوی کۆمیتەی دەربەندیخانی یەکێتی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هۆکاری وازهێنانی ئەو کۆمەڵە کەسە شەخسییە و لەبەر بەرژەوەندی تایبەتییە نەک گەندەڵی.

لێپرسراوی کۆمیتەی دەربەندیخان ئاماژەی بەوەشکرد ئەو ژمارەیەی ئیدیعای دەکەن ڕاست نییە و هەندێك کەس کە پەیوەندی خزمایەتییان بەو کەسەوە هەیە ئیمزایان پێکراوە و تا ئێستاش لەڕیزەکانی یەکێتییدا ماون .

ئەو ووتی " ژمارەی ئەوانەی وازیانهێناوە لەپەنجەکانی دەست تێناپەڕێت "